
## وتەکەی سەرۆکی فەرماندە صدام حسین

## لە دووەم کۆنگرەی میللی ئیسلامیدا

## ٢٤ - ٤ - ١٩٨٥



**بەڵایەکە... بە باوەڕو تواناوە بەرەنگاری دەکەین**

# هێزمان لەوەدایە ئێمە لەسەر حەقین

# ئێمە لەگەڵ هەر بڕیارێکداین موسڵمانان بیدەن

**● بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان ●**

برایان .. نامەوێ بارتان گرانبکەم بە قسەکردن لەبارەی ئەو بابەتەوە کە قسەی لێدەکەن لەم شوێنەدا چونکە ئێوە بە درێژی لێیدواون وەك زانیومانەو بە جۆرێکی دوورو درێژی وا لێتێکۆڵیوەتەوە لەو لێکۆڵینەوانە تێپەڕیون کە لە عیراقمان بیستووە .

هاتم بۆ ئەوەی بە ناوی گەلی عیراقەوە سلاوتان لێبکەم‌و پێتان بڵێم سلاوی خواتان لێبێ ئێوەو براکانتان‌و گەلەکانتان‌و ئینشەڵلا خوا لە هەموو بەدیەك دوورتان دەخاتەوە .

سەر وڵاتە دراوسێکان‌و ئەم قسەیەیش مانای ئەوە دەگەیەنێ کە خۆی کردووە بە وەصی‌و ئەویش بوو کە دەستدرێژی دەستپێکرد .. خومەینی خۆی کردووە بە وەصی بەسەر موسولماناناو لە سەرەتاوەو ئەوەیش دەزانێ کە نە بە شەرع‌و نە لە ڕاستیشدا شایانی ئەوە نیە کە ببێ بە وەصی بەسەر موسولمانا بەڵام ویستی ئەمە بکا بە پەردەیە بۆ پان‌و بەرین‌بوون‌و بنیاتنانی ئیمپراتوریەتێکی خەیاڵی وا کە خومەینی‌و داروودەستەکانی بە سەرەوە بێ‌و لە هەمان کاتیشدا هێرش‌دەباتە سەر ئەنجومەنی ئاسایش بەڵام دەمەوێ ڕاستیەکی مێژوویی دەرخەم دەڵێ ئەنجومەنی

ئێوە ئاگاداری ئەوەن عیراق چی دەوێ .. عیراق هیچی ناوێ دەیەوێ بە ئازادی لە خاکی خۆیا بژی لە چوارچێوەی سنووریاو ئێرانیش بە ئازادی لە سنووریا بژی‌و دەستدرێژی نەکاتە سەر کەس‌و کەس دەستنەخاتە ناو کاروباری ناوخۆی لاکەی ترەوەو عیراق‌و ئێران دوو ڕەگەزی چاکە بن لە بابەتی ئاشتی‌و ئارامی ناوچەکەدا .

**خومەینی سوورە لەسەر شەڕ**

لام وا نیە قانونێك هەبێ لەسەر زەوی‌و هەروەها قانوونەکانی خواوەندی گەورە کە لەگەڵ ئەم

هەموو حوکمڕان‌و ڕژێمێك‌و گەلێکی تر بڕووخێنن چونکە شایان ڕووخاندووە .. ئێمە باوەڕمان بە ئازادکردنی فەلەستین هەیە .. باشە قسە بە کردەوە تاقی دەکرێتەوە .. عیراق بەوە تاقی کراوەتەوە کە لە شەڕی ٩٧٣دا ئیشی کردووە و ئێمە لەو وەختەوە تا ئێستا لەم ڕژێمەداین سوپای عیراق لە دوو قۆڵەوە شەڕی دەکرد لە قۆڵی میسرەوەو لە قۆڵی سووریاوەو لام وایە تاقە سوپایەکە کە لە هەمان کاتدا لە دوو قۆڵەوە شەڕی کردبێ‌و پێش ئەم مێژوویەیش هەڵوێستی سوپای عیراق‌و گەلی عیراق ئاشکرایە .

Institut Kurde de Paris

# رۆژنامەگەری و کێشەی رەخنەسازی

اسماعیل رسول

**کێشەی رەخنەسازی لەئەدەبدا، لەو کێشە ئاڵوزانەیە کە خامەی ئەدیبورەختەگران سەدەها گوتارو تۆژینەوەو لێکولینەوەیانلەسەر نووسیوە ، لەم گوتارە کورتەدا نامەوێ ئەو تیوریورایانەی بە دوورودرێژی دەربارەی رەخنە نووسراوندووبارە بکەمەوە لێرەدا دەمەوێ بە چەند دێرێکباسی کێشەیەك بکەم کە لەوانەیە زۆری لەسەرنەنووسرابێ ، ئەویش پەیوەندی رۆژنامەگەریبەرەخنە سازیەوەیە .**

لەو دیاردە رۆشنبیریانەی کە جار بەجار لەسەر لاپەرەی رۆژنامەو گوفارە ئەدەبیەکاندا سەر هەڵدەدەن ، ئەم قسەو قسەلۆکەیە کە بە ناوی رەخنە بلاودەکرێتەوەو چەند نووسەرو بوێژ بە داخەوە ، تیروتوانج تێکدەگرنو لە باتی ئەوەی مەوزوعیانە باسی بەرهەمە ئەدەبییەکان ، کە دەخرێنە بەردەم کاری رەخنە بکەنو کەمو کوڕیو چاکیو خراپیی لایەنەکانی دەربخەن بۆ هاندانی ئەو ئەدیبەو یارمەتیدانی لەبەرەو پێشدانی بەرهەمەکانی ، ئەڵێم لەباتی ئەمە ، هەر بێسیو دوو دەدرێتە بەر نشتەرو زامدار دەکرێو ئەرکی سالانی بە با دادەدرێ ، تووشی هێرشێکی ناماقوول دەبێ ، کە لەوانەیە لە پایەو کەسایەتی کەم بکاتەوە .

ئەم دیاردەیە بە هیچ جۆرێ پەیوەندیی بەرەخنەسازی زانستیانەوە نییە ـ سەر شانی هەموو نووسەرو ئەدیبان ، ئەوانەی کە پێویستە چرای راستیو زانیاری بەرز هەڵگرنو رێگا بۆ میللەتەکەیان روونالک بکەنەوە ، هەڵگری جوانترین رەفتاری مرۆڤایەتی بنو دڵیان بکەنە کانگەی خۆشەویستیو لەبەکبوردنو فیداکاری ، لە پێناوی خزمەتگوزاری ئەدەبو وشە پیرۆزەکانی .

هەر چەندە راگرتنی ئەم رێرەوە ناشیرینە ، وەکو گوتم ، ئەرکی هەموو رۆشنبیرێکی دڵسۆزە ،بەڵام رۆژنامەگەری دەبێ لەچەسپاندنی رێبازێکی مەوزوعیو زانستیانەی رەخنەسازی رۆڵی خۆی هەبێ .

لەلایەکەوە دەبێ رێگا لەم رێرەوە خراپەی هێندەك کەس پەیرەوی دەکەن ، بگیرێو لاپەرەکانی رۆژنامەو گوفارەکان نەکرێنە داردەستی ئەو کەسانەی دەیانەوێ

# دیوەخانانی کوردەواری

## ئاهەنگێڕان و بەزمی گەرەلاوژەی

عمر ابراهیم عزیز

**هەر لەکۆنەوە لەدیوەخانانو مالاندا دادەنیشتنو شەوانی ساردو درێژی زستانو مانگەشەوانی وەرزی هاونیانیان بەهۆی گەڕەلاوژەوە بەسەردەبرد .**

**ئەو کاتەش دەبووە گەڕەلاوژە کە ئاغا یان کێخوای گوندەکە لە بنەبانی دیوەخانەوە دادەنیشتنو پێیان دەخستە سەر پێیانو گەنجو لاوو پیرانی گوندەکەشیان لە دەوروپشتی خۆیان کۆدەکردەوە .**

ئاغاش ئەم گەڕەلاوژەی ساز دەکرد تاکو لاوانی گوندەکە دووربخاتەوە لەوەی نەوەکو رۆژێك لەرۆژان بیر لەچارەنووسی خۆو جووتیارە هەژارەکانی گوندەکە بکەنەوە ولەم دەردە سەریەو ژێر دەستی رزگاریان ببێت . ئەوانەی بە درێژایی سال خەریکی کارکردن بوون بۆ جەنابی ئاغا ، لەوانە تۆدانو جووتکردنو بژارو دروونە (دروێنە) کردنو جورەها ئیشو کاری تر .

کە ئێوارە دادەهات بەگەلێ بەزمی وەك گەرەلاوژەوە شەوانی درێژی زستانانی پێ بەڕێ دەکردنو پێیان دەگووتن : دەی کوڕینە بیکەنە گەرەلاوژە !!

هەرکە دەبووە گەرەلاوژە هەبووە گۆرانی ئامۆزاگیان یا لاوك ، حەیران یا کولندە کولندەی دەگووت ، ئەم گۆرانی گووتنەشیان بەنۆرە (بەریز) بوو ، هەرکە نۆرە دەگەیشتە سەر یەکێك دەبوو گۆرانییەك بلێ ، ئەگەر نەیگووتایە یا ئەوەتە نەیزانیبایە پێویست بوو بقۆرێت یا بزەرێت ،یائەوەتە دانیشتنی دیوەخانەکە بەجێ بهێلێت وبەڕاکردن بۆی دەرچێت !!

گۆرانی کولندە کولندە یەکێك بوو لەم گۆرانییانەی کە لە دیوەخانانەدا دەگووترا هەندێ جا لەکاتی جووت کردنیش دەگووترا ، بەتایبەتی کەجووتیارەکە زۆر ماندوو لەخۆ بێزار دەبوو ، هەری دەکردە (دەدایە) کولندە کولندەو بە داردەستەکەیەوە لە گوریسی رێشمەی وولاغەکانی دەداو ئینجا کولندە کولندەکەی دەگووتو ئەم داردەستە لێدانەشیان لەجیاتی دەست بادانەکانیانەوە دەبوو .

بەهۆی دەست پێکردنی سەربەندەکەیەوە دەگووتراو گەرم دەبوون ، ئینجا پێدا دەچوون هەتاکو بەگۆرانییەکەوە دەچوونە خوارەوەو تەواویان دەکرد ، ئەم جوار دێرەی خوارەوەش سەربەندەکەیەتی :

**هەی کولندە کولندە**
**بەژنو بالای بلندە**
**ئەوجێ یارمی لێ نەبێ**
**لێ بخینێ(١) قەلی قوندە**

دوای گووتنی ئەم سەربەندەیە ئینجا بەستە بێژەکە گەرم دەبوو پێدادەچووە خوارەوە کە بەزۆریش بەسەر کاتەکانی سالیان هەڵداوە یائەوەتە بەسەر بەیانیانو نیوەڕۆو ئێوارانو نیوەیشەوانەوە، هەروەکو لەم نموونەی خوارەوە بەچاکی بۆمان دەردەکەوێ .

**هەی کولندە کولندە کولندە**
**بە کولندەکەی بەیانی**
**قوندەرەی بیلاد لەپێکە**
**تەشریفت بێ لۆ کانی**
**گۆتمێ بینە ماچت کەم**
**نەکەی دایکت بزانی**

× × ×

**هەی کولندە کولندە کولندە**
**بەکولندەکەی نیوەڕۆ**
**تیرەکی لەجەرگی دام**
**لەدلم بویتە سێ بەڕۆ**

× × ×

**هەی کولندە کولندە کولندە**
**بە کولندەکەی ئێوارێ**
**قوندەرەی بیلاد لەپێکە**
**تەشریفت بێ لۆ مارێ(٢)**
**گۆتمێ بینە ماچت کەم**
**کابانی گەورە مارێ**

× × ×

**هەی کولندە کولندە کولندە**

**له شیعری ئەفریقییەوە**

# یاری یەکە

شیعری : بیتەر سوالی ئۆغەنمە
وەرگێر : محەمەد بەدری

**- ١ -**

من بەدوای حەقیقەتدا ئەگەرێم
یاخود ئەو بەدوای منا ئەگەڕێ ؟
من بەدوای مردنا ئەگەڕێم
یان ئەو بەدوای منا ئەگەڕێ ؟
من بەدوای شارستانییەتدا ئەگەڕێم
یاخود ئەو بەدوای منا ئەگەڕێ ؟

**- ٢ -**

من وەکو گیانەوەرێکی
لووتکە تیژم لێهاتووە
بوومەتە رەگەزێکی گەرۆك
لەناو کانزاکاندا ..

**- ٣ -**

ئەوەتا هەورەکان لەسەر بالەکانیاندا
هەڵمدەگرنو فڕم دەدەنە سەر زەمین
رێکەوت لەم شوێن بۆ ئەو شوێن
ڕامدەکێشێ ..
بەبێ ڕقو کینە
تێکەڵ بەشتە توندو تیژەکاندا
ئەبم بە تورِ یاخود بە گر

* * *

# سێ هۆزان

## ژئاوازێت چویچکا

• صدیق خالد هروری •

Institut Kurde de Paris

# ڕۆژی ڕۆژنامەنووسی کوردی

## لە هەولێر



**لە ڕۆژی ڕۆژنامەنووسی‌ی کوردی‌دا کە دەکەوێتە ٢٢ی نیسانی هەموو ساڵێك ، ڕۆژنامەنووس‌و ڕۆشنبیرانی کورد بە تێکرا ، یادی لە دایکبوونی ڕۆژنامەی «کوردستان» دەکەنەوە کە لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ ڕووناکی چاپی دی ..**

بەم بۆنە بەرزەوە . لە شاری هەولێردا . چالاکی ڕۆژنامەنووسی‌ی ڕۆشنبیری پێشکەش کرا کە بریتی بو لە ڕێزلێنانی ڕۆژنامەنووس‌و ئەوانەی لە بواری ڕاگەیاندن کار دەکەن‌و سازکردنی کۆڕی یادکردنەوەی ئەم یادە ...

نەقابەی ڕۆژنامەنووسی لقی کوردستان ، ئێوارە کۆڕێکی ڕێزلێنانی بە ئامادەبونی بەڕێزان سەرەکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن‌و یاسادانان‌و ئەمیندارە گشتی‌یەکان لە هۆلی یەکێتی نووسەرانی کورد سازکردو لە سەرەتادا بەڕێز محمدامین محمد نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی لقی کوردستان ووتەیەکی خوێندەوەو ووتی: لە دایکبوونی ڕۆژنامەی کوردستان کە ئێستا ئێمە لەم ئاهەنگەدا یادی دەکەینەوە زەمینەیەکی دیاری بۆ ڕۆژنامەنووسی‌ی کوردی داناو بووە ئاسۆیەك بۆ پەرەپێدانی باری ڕۆشنبیری نەتەوەی کوردو جێی شانازیشە کە ئەمساڵ یادی دەکەینەوە کە ڕەوتی ڕۆژنامەنووسی‌ی کوردی بەرەو هەنگاوێکی گەورە چووەو بایەخێکی بێ ئەندازە دەدرێتە کاری ڕۆژنامەنووسی‌ی ..

نەقابەی ڕۆژنامەنووسان - مەڵبەندی گشتی‌ی ووتارێکی خوێندەوەو سڵاوی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری نەقابەی ڕۆژنامەنووسانی گەیاندە ڕۆژنامەنووسانی کوردو دەست نیشانی بایەخی






مێژوویی ڕۆژی ڕۆژنامەنووسی‌ی کوردی کرد کە یادکردنەوەی پیروز دەبێت‌لە لایەن هەموو ڕۆشنبیرێکی عیراقی بۆ پتەوکردنی ڕەوتی ڕۆژنامەنووسی لە چوارچێوەی برایەتی‌و بۆ بایەخدانی فراوانتر بە ڕێبازی پێشکەوتن لە کاری ڕۆژنامەنووسی‌دا .

دوای ئەوە چەند



ڕۆژنامەنووسان مەڵبەندی گشتی‌و ڕێکخراوە میللی‌و پیشەیی‌یەکان ...

ئەنجا بەڕێزان یحی جاف واحمد عبدالقادر سەرەکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن‌و یاسادانان لەگەڵ ئەمیندارە گشتی‌یەکان دەستیان کرد بە پێشکەش‌کردنی خەڵاتی ڕێزلێنان بەسەر ئەم بەڕێزانە :-

علي قادر . کەمال ڕؤوف محمد . مەغدید سۆران . حسین ڕەشوانی . کاکەی فەللاح . عبدالوهاب تاڵەبانی . شێرزاد عبدالرحمن . هیوا نجیب ، شاکر فتاح . نزار جرجیس . نجده عبدالمجید . رضوان فهمی ، هوشیار سید احمد . حسن مصطفی . کمال محمدامین ، نازم دڵبەند . ضیاء عبدالامیر ، طارق ابراهیم شریف ، شێرکۆ عبدالواحد . عزیز حریری‌و . چەند وێنەگرو هەندێکی تر کە لە بواری کاری ڕاگەیاندن کار دەکەن» .

● هەر لە هەمان ئێوارەدا برای ڕۆژنامەنووس کەماڵ ڕؤوف محمد باسێکی بە پێزی لە ژێر ناوی «سەردەمی ڕۆژنامەنووسی‌ی . سەردەمی پەخشانە» خوێندەوە ، کە تیایدا بە درێژی دەربارەی پەیوەندی ڕۆژنامەگەری‌و پەخشانی کوردی دوواو بە شێوەیەکی فراوان‌و بەڵگەی مێژوویی پەنجەی بۆ سەرچاوە متمانە پێکراوەکان کێشاو پێشان ئەوەش برای شاعیر صلاح شوان باسێکی دەربارەی کاك کەمال‌و بەرهەمەکانی لە بواری ڕۆژنامەو ڕاگەیاندن‌دا پێشکەش کردو کورتەیەکی باسەکەی بە زمانی عەرەبی خوێندەوەو بە ووتەیەکی مامۆستا محمدامین عثمان کۆتایی هات کە بە ناوی ڕۆژنامەنووسە خەڵات کراوەکان خوێندیەوە .

● هەر بەم بۆنەوەو لە هۆڵی کۆلێژی ئادابی زانکۆی صلاح‌الدین ، کۆڕێکی ڕۆژنامەنووسی تر بۆ مامۆستا محمود زامدار ڕێك خرا کە نزیکەی دوو سەعاتی خایاندو لە سەرەتای کۆرەکەدا مامۆستا غازی فاتح برای

بو لە لێکۆڵینەوەیەك لە ڕۆژنامەی کوردی‌و ڕەنگدانەوەی بارودۆخی مێژوویی‌و قۆناغی ڕەوتی پەرەسەندنی .. ئەوە بو بە تێکراکردی بە دوو قۆناغ کە قۆناغی عوسمانی‌و نیشتمانی‌یەو .. خاسیەتی هەر یەك لەو قۆناغانەی دەرخست‌و پاشان پەیوەندی ئەدەب‌و ڕۆژنامەنووسی‌و کارتێکردنی ڕاستەوخۆی لەم بارەوە ڕوون کردەوە ... هەروەها ڕەنگدانەوە کارتێکردنی ئەدەبی بێگانەو تێکرا بەرهەمی ئەدەبی کوردی کە لە ڕۆژنامەی کوردی‌دا ئەدرەوشێتەوە .

# نیسان



● حمه صالح عزیز ●

له ڕۆژانی مانگی نیسان ڕۆژ له دوای ڕۆژ خۆشی دێن  
خێرو خۆشی لەم مانگەدا بەسەر گەلدا دەبارێن

مانگی نیسان سەرانسەر مانگی خۆشیو شادیە  
مانگی لە دایکبوونی سەرکردە دروست‌کەری ئازادیە

لە ٧ی مانگی نیسان پارتی سەرکردە دامەزرا  
چوون بە پیری پارتەوە کوردو عەرەب وەك برا

بە دروستبوونی ئەم پارتیە چرای ئازادی هەڵکرا  
مانگی یەکگرتنی گەلەو ئیستعمار هیوای برا

٣٨ ساڵە لەم وڵاتە ئاڵای ئازادی ئەشنێتەوە  
هەموو ساڵی لەم مانگەدا یادی پیرۆز ئەکرێتەوە

لە لایەك بۆ پارتی سەرکردە شعرو گۆرانی دەڵێن  
لە لایەك بەزم‌و شادیە بۆ پێشەوا صدام حسین

مانگی نیسان ڕۆژانی پڕ لە خێرو خۆشیە  
بۆ گەل مانگی هیوایە بۆ دوژمن نەخۆشیە

لە دایکبوونی سەرەك لەم مانگە پیرۆزەدایە  
هیوای ئەم گەلەیە سەرەك بیپارێزێت خودایە

پێشەوای گەل صدامە خاوەنی هێزو توانایە  
لە مانگی نیساندا خوا بەخشی بە گەل ئەو شێرە پێشەوایە

چرای گەلە صدام حسین خاوەن ویژدان‌و بەدین  
تەنها ئەوە گەر هیوا بێت بۆ ڕزگاری فلستین

## قسەی خۆمان بێ

سەیرە ؟

● سعید یحیی ●

لە خوا بە زیاد بێ ، هەندێ لە برادەرە ڕۆشنبیرو ئەدیب‌و نووسەران ، وەك چۆن باروت بخەیتە سەر ئاگر ، دەمو دەست فیشکە دەکا ؛ هەر ووتەیەکت لەدەم هاتە دەرو کەمێ بە لای ئەواندا لار بێتەوە ، یەکسەر چاوت لێ زەق دەکەنەوە ڕوو ترش‌و گرژو توورە دەبن !

بە کارتۆن‌و لە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو هۆیەکانی دیکەی ڕاگەیاندن ئاگادارت دەکەن کە بفەرموویتە ، فلانە هۆڵ .. تۆی سەوداسەری ووشەو لە دنیا بێ‌خەبەر ، بەدەم ئەم بانگەوازەی ئەواندا‌و لەم ڕۆژگاری وا پڕ مەشغەلەت ئەگەر لە شارەکانی خۆمان بی ، ئەوە نیو دیناری ئەم سەرو نیو دیناری ئەو سەر لە مست شوفێری تاکسی دەنێ‌و هەلکوت هەلکوت کورسی‌یەکی تەسکی تۆزاوی بۆ خۆت پەیدا دەکەی ..

Institut Kurde de Paris

